ئاژانسی هەواڵگیری دەستگیرکردنی 5کەس بە تاوانی بەتاوانی جوراوجۆر راگەیاند

بەوەبەڵایەتی هەواڵگری و ئاسایش 5 داواکراوی بەتاوانی بازرگانیکردن بەمادەی هەشبەر و ئەندامی جستەی مرۆڤ و تیرۆر و قاچاخچیتی نەوت لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای عێراق دەستگیرکرد.

بەوەبەرایەتیەکە لە بەیاننامەیەکدا راگەیاند:- یەکەیەک لە هێزەکانی بەوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی میسانی سەربە بەوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری و ئاسایشی وەزارەتی بەرگری توانیان کەسەکی مەترسیدار دەستگیر بکەن کە لەلایەن دادگاوە بەپێی بڕگەکانی مادەکانی (4/تیرۆر و 3/قاچاخچیتی نەوت) دەستگیرکرا.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێدا:- لەلایەکی تر هێزەکانی بەوەبەرایەتیەکە لە بەغدا توانیان دوو بازرگانی ماددە هەشبەر دەستگیربکەن ، هەروەها یەکەکی دیکەش کە بازرگانی بە ئەندامی جەستەی مرۆڤەوە دەکرد لە ناوچە جیاجیاکانی بەغدا،کە فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو دەستگیر کرا .

هەربەپێی بەیاننامەکە :- لەلایەکی دیکە هێزەکانی بەوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی نەجەف دوو لە مەترسیدارترین بازرگانانی ماددە هەشبەرەکانیان لە پارێزگاکە دەستگیرکرد،کە دەستگیرکردنەکە دوای ڕاسپاردەی دادوەری لەکەینەوە ئەنجامدراوە